

زۆر خۆشحاڵە کە 3 کچەکەی بوونەتە خاوەنی برایەک..

# جیرارد لەبەر مێسی ناوی کوڕەکەی دەکاتە لیۆ

ڕووداوی وەرزشی - CNBC

ستیڤن جیرارد، کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی لیڤەرپوول، لە ئینستاگرامی خۆیدا ئاشکرایکرد کە بووەتە باوکی کوڕێک و ناوی ناوە «لیۆ». هەندێک لە راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکانیش دەڵێن «جیرارد بەهۆی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینییەوە ئەو ناوەی لە کوڕەکەی ناوە».

ستیڤن جیرارد، موژدەی بە هەوادارانی خۆی دا کە هاوسەرەکەی کوڕێکی بووەو ناوی ناوە «لیۆ». جیرارد کە 3 کچی هەیە بە ناوەکانی (لەیلا، لیسکی و لۆدریس) لە ئینستاگرامی خۆیدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە 3 کچەکەی بوونەتە خاوەن برایەک و دووپاتیکردەوە کە ناوی کوڕەکەی کردووەتە لیۆ.

جیرارد لە پۆستەکەیدا نووسیویەتی «لیۆ جۆرج جیرارد، لە کاژێر 04:55ی بەیانی لەدایکبوو، بەمەش پێکهاتەی خێزانەکەمان تەواوبوو، من و هاوسەرەکەم و 3 کچ و کوڕێک».

هەندێک لە راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکانیش ئاشکرایانکرد جیرارد بەهۆی خۆشەویستی زۆری بۆ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی ئەو ناوەی لە کوڕەکەی ناوە. جیرارد بەوە ناسراوە کە لیۆنێل مێسی زۆر خۆشدەوێت و زۆر سەرسامە بە تواناکانی، پێشتریش چەندینجار پەسنی تواناکانی داوەو هەمیشە بە باشترین یاریزانی جیهان ناوی دەبات.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هاوڕێ کۆنەکانی جیرارد پیرۆزباییان لێکرد، بەتایبەتیش فرانک لامپارد و جۆن تێری، کە ئەوانیش پێشتر ئاشکرایانکردووە، منداڵەکانیان زۆر سەرسامن بە لیۆنێل مێسی.

WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (447) سێشەممە 2017/5/2 12ی گوڵان - 2717 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

هەندێک لە یاریزانانی ریال مەدرید پێیانوایە BBC هۆکاری کێشەکانی یانەکەیانن..

# ئەنتی BBC

## "یاریزانانی ریال مەدرید چیدی قبوڵ ناکەن دۆن جنێو بە دایکیان بدات"

## "یاری نەکردنی بەیڵ سوودی بۆ ریال مەدرید هەیە"



3

وەرزشوانانی موسڵ مەینەتییەکانی رۆژانی ڕەش دەگێڕنەوە..

لە یاریدا فیکەلێدان قەدەخە بوو



2


شرۆڤەی چامپیۆنزلیگ..

بارهەڵگرەکەی مۆناکۆ گەیشتە خاڵی پشکنین



6

هازارد بەر لە 5 مانگ گرێبەستی لەگەڵ ریال مەدرید واژوو کردووە



4



# مەدریدییەکان داوای سزادانی مێسی دەکەن

4

رووداو وەرزشی
ژمارە (447)
سێشەممە 2017/5/2



**رەتیدەکاتەوە**

لیوا عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، لە لێدوانێکی تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند 131 هاووڵاتیان لەسەر تەقەکردن و چەکهەڵگرتن بەبۆنەی یاری کلاسیکۆ دەستگیرکردووە. لەو بارەوە ناوبراو گوتی «لەنێو ئەو دەستگیرکراوانەدا هەندێکیان تەمەنیان لەنێو 14 بۆ 16 ساڵیدایە، بەڵام دەمانچە، چەقو، حەربە و کلاشینکۆفیان هەڵگرتووە، بۆیە دەستگیرکراون». ناوبراو ئەو دەنگۆیانەشی رەتکردەوە کە دەڵێن خۆی هاندەری یەکێک لە دوو یانەکەی کلاسیکۆیە بۆیە ئەو خەڵکەی گرتووە «ئەوە هیچ پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە نییە، پاراستنی ئەمنیەتی شاری هەولێر لە هەموو شتێک گرنگترە، خۆ ئەوانەی دەستگیرمان کردوون لێمان نەپرسیون ئێوە هاندەری کام یانەن».

### لە موسڵ وەرزش لەژێر دەسەڵاتی داعشدا چۆن بوو؟..

# لە یارییدا فیکەلێدان قەدەخە بوو

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ AFP**

بەشێک لە دانیشتوانی شاری موسڵ تۆپی پێیان وەک دەرچەو هەناسەیەک بینیوەتەوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی رۆژانێکی رەش، کە لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی رێکخراوی داعش بەسەریان بردووە.

لەنێو خانووە نیمچە وێرانبووەکاندا، دانیشتوانی شارەکەو دەسەڵاتدارانی ئەوێ هەوڵدەدەن دووبارە گۆڕەپانەکانی تۆپی پێ رێکبخەنەوەو جارێکی دیکە بە رووی تیپە میللییەکاندا بیکەنەوە لە بەشی رۆژهەڵاتی دووەم گەورە شاری عێراقدا.

لەنێو خانووە نیمچە وێرانەکاندا، لە دەوری یاریگەیەکی پەرژینکراو، کە پانتاییەکەی 120 مەتر چوارگۆشە تێناپەڕێت و داپۆشراوە بە چیمەنێکی نوێی دەستکرد، کۆمەڵێک گەنج لە گەڕەکی سەلام لە رۆژهەڵاتی موسڵ کۆبوونەتەوە بۆ هاندانی هاوڕێیەکانیان، کە یاری فوتبۆڵ دەکەن.

چەند مانگێکی کەمی لەمەوبەر، ئەو کاتەی هێشتا گەڕەکی سەلام لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعش بوو، «لەیس» بوێریی ئەوەی نەبوو تەنانەت بیر لە تۆپی پێ بکاتەوە. لەیس، یەکێکە لەو یاریزانانەی کە هاوڕێیەکانی پرسیاری لێدەکەن «سپی یان زەرد؟» ئەویش دریسی سپی هەڵدەبژێرێت، کە مەبەست دریسی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانییەو بەو دریسە یارییەکەیان بەرامبەر هاوڕێیەکانیان ئەنجامدەدەن لە یەکێک لە یاریگە بچووک و چیمەنە دەستکردەکانی گەڕەکی سەلام.

لەولاوە ئوسامە عەلی حەمید، تەمەن 26 ساڵ، کە دریسێکی زەردی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی لەبەرە، دەڵێت «پێشتر کە یاریمان دەکرد، چەکدارانی داعش چاودێرییان دەکردین و چەکیشیان بەدەستەوەبوو، رێگەیان نەدەدا دریسی تیپەکانی ئەورووپا بپۆشین، چونکە بەلای ئەوانەوە جلی کافرەکان بوو». هەروەها دەڵێت «هەر کاتێک یەکێکمان هاتبووایەو دریسی تیپێکی بیانی لەبەربووایە، ئەوان لۆگۆی دریسەکەیان بە مەقەست لێدەکردەوە».

یارییەکە بەڕێوەدەچێت، جۆشوخرۆشێکی زۆری تێدایە، ئەمە لە چالاکییەکانی بەرپرسانی وەرزش و لاوانی شاری موسڵە، کە دووبارە دەستیان بە کارکردووەتەوە.

ئەوان کار بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی چالاکییەکان و نۆژەنکردنەوەی یاریگەکان دەکەن.

لەیسی 23 ساڵان، کە خەون بە پیشەگەربوونەوە دەبینێت، بە هاتوهاوار و حەماسەوە یاریدەکات، ئەو شۆرتێکی کورتی لەپێیە و دەڵێت «داعش یاسای خۆیانیان بەسەردا دەسەپاندین، دەبووایە شۆرتەکان «شەرعی» بن و تاوەکو ژێر ئەژنۆمان درێژبێت، لە کاتی نوێژەکانیشدا دەبوو یارییەکە بوەستێت. بەڵام ئێستا ئەوان لە کاتی بانگی نوێژدا یاریدەکەن».

ئەیهەم، گەنجێکی دیکەی ئامادەبووە لەنێو ئەو ئامادەبووانەی یاریگەکە، کە لە 30 کەس تێناپەڕن، ئەو ئاماژە بەوە دەکات «تۆپی پێ تاکە پەنجەرەیەکی هەناسەی ئێمەیە، ئەو گەنجانەشی یاریدەکەن، زۆر بەتوانان».

تۆپی پێی یاریگە بچووکەکان زۆر بەربڵاوە لە موسڵدا، هاوکات یانەی موسڵیش یەکێکە لە یانە دێرینەکانی عێراق، ئەوان لە 2014 خۆیان ئامادەکردبوو بگەڕێنەوە نێو خولی عێراق، بەڵام داگیرکردنی شارەکە لەلایەن داعشەوە، خەونی ئەوانی لەباربرد.



## «وەرزشوانانی موسڵ مەینەتییەکانی رۆژانی رەش دەگێڕنەوە»

### زیندووکردنەوەی تۆپی پێ

بەرپرسانی وەرزشیی موسڵ هەوڵدەدەن یاری تۆپی پێ لە شارەکەیاندا زیندووبکەنەوەو سەرنجی جەماوەری بۆ رابکێشن. بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی موسڵ محەممەد عەبدولکەریم مەعماری، دەڵێت «12 یاریگەمان نۆژەنکردووەتەوە بۆ ئەوەی تیپە میللییەکان یاریی تێدا بکەن».

جێی ئاماژەیە بارەگەو دامەزراوەکانی یانەی موسڵ لە رۆژهەڵاتی شارەکەن، تەنیا یاریگەی سەرەکی نەبێت، کە دەکەوێتە بەشی رۆژئاوا، کە تاوەکو ئێستا بەشێکی لە دەستی چەکدارانی داعشدا ماوە.

هەر لە موسڵدا لە 2012 پرۆژەی دروستکردنی یاریگەیەکی نوێ لە هەمان شوێندا دەستپێکرد، کە جێگەی 20 هەزار هاندەر لەخۆ دەگرێت، بەڵام دوای کەوتنی شارە بەدەست چەکدارانی داعشەوە، کارەکانی پرۆژەکە وەستا.

ئوسامە عەلی دەڵێت «چەکدارانی داعش سەرەتا لەگەڵ ئێمەدا یارییان دەکرد، مامەڵەیەکی باشیان هەبوو، ئەوان هەر عێراقی و خەڵکی ناوچەکەمان بوون، بەڵام دواتر لە رێگەی وتاری مزگەوتەکانەوە، کە دەیانگوت گۆڕەپانی شەڕ لە گۆڕەپانی یاری باشترە، مامەڵەیان گۆڕا، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئێستا بە ئازادی یاریدەکەین و هەر جلێکی حەزیشمان لێی بێت، دەیپۆشین و قژیشیمان هەرچۆنێک بووێت، دایدەهێنین».

موستەفا نوور، گەنجێکی دیکەی 25 ساڵانەیەو قسەیەکی سەرنجڕاکێش دەکات «ئەوان فیکەلێدانیشیان قەدەخەکردبوو، پێیانوابوو فیکە شەیتانەکان کۆدەکاتەوە، هەر کەسێکیش فیکەی لێبدایە، دوو سێ رۆژ زیندانییان دەکرد».

### بەمەرج دەگەڕێتەوە خولی عێراق..

# لای فیفا سکاڵا لەسەر یانەی دهۆک تۆمارکراوە

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆک، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی بە ئێمەیان راگەیاندووە ئەگەر ئەو پارەیەی یاریزانە پیشەگەرەکان، کە لای ئێمەیە بیاندەینەوە دەمانگەڕێننەوە خولی عێراقی».

یانەی دهۆک، کە ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی دارایی لە خولی یانە نایابەکانی عێراق کشایەوە، لەم رۆژانەدا دەنگۆی ئەوە هاتووەتە ئاراوە کە پێویستە یانەکە لە وەرزەکانی داهاتوودا بەشداری لە خولی پلە یەکی عێراقی بکات بۆ گەیشتنەوە بە خولی نایابی عێراق.

محەممەد عەلی، بەرپرسی راگەیاندنی یانەی دهۆک، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە تاوەکو ئێستا بەفەرمی لەوە ئاگادار نەکراوینەتەوە کە بەشداری خولی پلە نایابی عێراقی ناکەین لە وەرزی داهاتوودا، هەرچەندە ژمارەیەک لە یاریزانە پیشەگەرەکانمان سکاڵایان لەسەر یانەی دهۆک تۆمارکردووە لای یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە بڕە پارەیەکی زۆریان لای ئێمە ماوە کە وەرزی رابردوو بە ئەوانمان نەداوە». ناوبراو هەروەها گوتیشی «بڕە پارەکە نزیکەی 22 هەزار دۆلار دەبێت، ئێمەش هەوڵ دەدەین بتوانین ئەو پارەیان پێ بدەینەوە، بۆ ئەوەی هیچ سکاڵایەکمان لەسەر نەمینێت لە فیفا».

لەبارەی بەشداری کردنەوەیان لە خولی عێراقیش، بەرپرسی راگەیاندنی یانەکە، گوتی «بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی ئێمەیان لەوە ئاگادار کردووەتەوە ئەگەر پارەی یاریزانە پیشەگەرەکان بدەین، دەتوانین بەشداری لە خولی نایابی عێراقدا بکەینەوە».

لەبارەی دابەزنیشیان بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، گوتی «ئێستا تیپەکەمان هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام بۆ وەرزی نوێ ئێمە بە نەفەسێکی دیکە دێینەوە خولی عێراق و تیپێکی نوێ دروست دەکەین. یاریزانی بەتوانا دەهێنینە ریزەکانی تیپەکەمان، چەندین راهێنەری عێراقیش ئێستا لە سەر هێڵن بۆ ئەوەی ببنە راهێنەری یانەکەمان».



# پاڵەوانە کوردەکە بەڵێنی ئاڵتون بە ئازەربایجان دەدات



**هەرێز جەمال**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

سەباح شەریعەتی، یاریزانی زۆرانبازی هەڵبژاردەی ئازەربایجان، کە کوردی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانەو لە ئۆڵیمپیادی ساڵی رابردووی ریۆ لە بەرازیل توانی لە کێشی 130 کیلۆگرامدا لەنێو 19 یاریزاندا پلەی سێیەم و میدالیای برۆنز دەستەبەربکات چاوی لە دەستەبەرکردنی نازناوێکی دیکەیە لە خاکی وڵاتەکەی.

سەباح شەریعەتی، تەمەن 27 ساڵ، لەدایکبووی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، 10 ساڵ زیاترە یاریزانی زۆرانبازییەو ماوەی چەند ساڵێک لەمەوبەرماڵباتی بەرەو وڵاتی ئازەربایجان گواستەوە، لە لێدوانێکی تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) ئاشکرایکرد، ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی مەشقە بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی هاریکاری ئیسلامی کە رۆژی 2017/5/12 لە باکۆ دەستپێدەکات و چاوی لەسەر دەستەبەرکردنی میدالیای ئاڵتونی کێشی خۆیەتی و وەک یەکەم یاریزانی هەڵبژاردەکەشی لە پاڵەوانێتی زۆرانبازی پشتی پێدەبەسترێت.

ئەو هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێران وەک کوردێک هیچ بایەخی بە تواناکانی نەداوەو گوتی «لە ئێران هیچ بایەخمان پێنەدەدرا، بە روونی دژایەتی منیان دەکرد، بۆیە راستەوخۆ پاش ئەوەی گەیشتمە باکۆ، ئازەرییەکان زۆر بایەخیان پێدام و دوای وەرگرتنی وڵاتینامەی ئەو وڵاتە ئیدی بەشداری سەرجەم رکابەرییە کیشوەری و نێوخۆییەکانم کردووەو چەندین ساڵە یاریزانی ئەو وڵاتەم».

سەباح شەریعەتی، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ئاستی زۆرانبازی لە ئازەربایجان بەرەو پێشچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو لەسەر ئاستی جیهان کارتێکی بەهێزە «پێش ئۆڵیمپیادیش لە پاڵەوانیەتی جیهان لە ساڵی 2014 لە تاشقەندی پایتەختی ئۆزبەگستان بەشداربووم و پاشان لە 2015 لە ئەمەریکاو پاشان لە خولی یارییەکانی ئەورووپا لە باکۆ و هێلسنگی، هەروەها لە پاڵەوانیەتی فەرهەنگی لە ئێران بەشداریم کرد و لە هەموویاندا رکابەری زۆرانبازە بەناوبانگە جیهانییەکانم کردووە».

سەباح گوتیشی «تەنیا کاری من لە ئازەربایجان وەرزشەو رۆژانە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو مەشقەکانم لەژێر سەرپەرشتی راهێنەرێکی کورد دەکەم، کە ئەویش دانیشتووی شاری سنەیە بەناوی جەمشیدی خەیرابادی، کە پێشتریش لە ئۆڵیمپیادی ساڵی 2012 راهێنەری هەڵبژاردەی ئێران بوو، دواتر پەیوەندی بە هەڵبژاردەی ئازەربایجانەوە کرد».

پاڵەوانێتی یارییەکانی وڵاتانی هاریکاری ئیسلامی رۆژی 5/15 بۆ 2017/5/22 لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بە بەشداری زیاتر لە 45 وڵات بەڕێوەدەچێت.

KOREK Telecom

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن




ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیكی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە كاتژمێر 1ی شەو تاكو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەكی زیدە.

بۆ بەشداریكردن لە پاكێجە جۆراوجۆرەكانی ئینتەرنێت كە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بكەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com
411

KOREK



## شەرمەزارییە

ئەلفرێدۆ ریلانۆی سەرنووسەری رۆژنامەی ASی ئیسپانی لە وتارێکدا رەخنەی لە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنا گرت و بەرزکردنەوەی درێسەکەی بە رووی هاندەرانی ریال مەدرید لەدوای تۆمارکردنی گۆڵی سێیەمی لە یاری کلاسیکۆدا بە ناشیرین و شەرمەزارانە وەسفکرد. ریلانۆ لەو وتارەیدا نووسیویەتی «شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ سەرۆکی یانەی مەلەگە وشەی هیچ و پووچ لەدژی بارسێلۆنا بەکاربهێنێت، بەڵام ئەو کارەی مێسیش کردی جوان نەبوو، زۆر ناشیرین و مایەی شەرمەزاری بوو».

## رۆناڵدۆ جنێو بە دایکی هاوڕێکانی دەدات..

# نێوماڵی شاهانە گڕ دەگرێت



ئا: رووداوی وەرزشی

کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئیسپانی ئاشکرای دەکات، زۆر لە یاریزانانی یانەی ریال مەدرید لە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی تووڕەن، بەهۆی ئەوەی کە لە یاری کلاسیکۆداو دوای گۆڵی لیۆنێل مێسی لە دوا خولەکی زیادکراوی یارییەکەدا جنێوی بە دایکەکانیان داوە.

کەناڵی کواترۆی تەلەڤزیۆنی، لە راپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کە کەشوهەوای ژووری جلگۆڕینی ریال مەدرید لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایەو زۆر لە ئەستێرەکانی ریال مەدرید لە هەڵسوکەوتەکانی هاوڕێیەکەیان کریستیانۆ رۆناڵدۆ نیگەرانن کە هەمووجارێ لە کاتی دۆڕاندنی تیپەکە یان گۆڵ نەکردنی ئەو، جنێو و قسەی ناشیرینیان پێدەدات.

ئەو کەناڵە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو کاتەی سێرجی رۆبێرتۆ تۆپەکەی بەرەو گۆڵی ریال مەدرید دەبرد، رۆناڵدۆ بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد «رێگەی لێبگرین.. لێیدەن.. بەریدەنەوە». ئەو کەناڵە دەشڵێت «دوای گۆڵکردن لەلایەن مێسییەوە، کار گەیشتە ئەوەی رۆناڵدۆ جنێو بە دایکی هاوڕێکانی بدات».

### رامۆس بۆ رۆناڵدۆ: ئەگەر بەرگریکاران هۆکاری گۆڵەکانی بارسا بن، هێرشبەرانیش چەندین گۆڵی ئاسانیان لەدەستداوە

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، بەر لەو دیمەنەش رۆناڵدۆ لە گێمی یەکەمدا قسەی ناشیرینی بە گاریس بەیل و کەریم بنزیمە داوەو پێیگوتوون بۆ تۆپ بۆ گۆڵ لێدەدەن بە منی نادەن». هەروەها دەشڵێت «بەیڵ بەئاشکرا بەرپەرچی رۆناڵدۆی داوەتەو ئەگەر بەهۆی پێکانەوە بەیڵ لە یاریگە دەرنەچووبووایە، لەوانەبوو لە کۆتاییدا کێشەی نێوان خۆی و رۆناڵدۆ گەورەتر بووایە».

#### جنێوەکانیان قبوڵ نەکردووە

ئەو سەرچاوەیە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەدوای یارییەکە ژووری جلگۆڕینی ریال مەدرید بۆنی شەڕی لێدەهات، چونکە زۆر لە ئەستێرەکانی ریال مەدرید لە لوتکەی تووڕەبووندا بوون، رامۆس، مارسیلۆ، کاسیمیرۆ، بنزیمە و مۆدریچ، چونکە رۆناڵدۆ لەدوای جنێو و قسەکردنی لەنێو یاریگەدا لە کاتی گەڕانەوە بۆ ژووری جلگۆڕین لەنێو رێڕەوەکەو لە ناو ژووری جلگۆڕینیشدا بۆڵە بۆڵی کردووەو لەبەر خۆیەوە بە تووڕەیی قسەی کردووە».

کەناڵی کواترۆ، دەشڵێت «بەم هۆیەوە هەندێک لە یاریزانان، بەتایبەتیش بەرگریکاران زۆر لە رۆناڵدۆ تووڕەبوون، وەڵامیان نەداوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش قسەیان لەگەڵیدا نەکردووە». هەر ئەو سەرچاوەیە دەشڵێت «تەنیا رامۆس وەڵامی رۆناڵدۆی داوەتەوەو پێیگوتووە هەمووومان پێکەوە بەرپرسین لە دۆڕانەکە، چونکە ئەگەر بەرگریکاران هەڵەیان کردبێت هێرشبەرانیش چەندین دەرفەتی ئاسانی گۆڵکردنیان لەدەستداوە».


#### خۆویستە

ئەو سەرچاوەیە باس لەوە دەکات کە ئیدی هاوڕێکانی رۆناڵدۆ لەوە تێگەیشتوون کە دۆن بەپێچەوانەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا کەسێکی خۆویستەو وەک سەرکردەیەک لەنێو یاریگەدا هەڵسوکەوت ناکات و دەڵێن «هەر کاتێ رووداوەکان بە دڵی ئەوبوون هاوڕێیەکی باشە، بەڵام کە رووداوەکان بە دڵی ئەو نەبوون دەبێتە کەسێکی خۆویست و دوژمنکارانە».

#### BBC بۆ دەرەوە

هەر ئەوەندە نا، بەڵکو ئەو سەرچاوەیە باس لەوە دەکات کە ژووری جلگۆڕینی یانەی مێرینگێ لەژێر هەڕەشەی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکی گەورەدایەو ئەگەر تاوەکو زووە کێشەکان چارەسەر نەکرێن کوتلە و کوتلەکاری لەنێو یاریزانەکان سەرهەڵدەدات «هەندێک لە یاریزانانی ریال مەدرید پێیانوایە BBC هۆکاری ئەم کێشانەیەو دەڵێن بێجگە لە رۆناڵدۆ هەریەک لە کەریم بنزیمە و گاریس بەیڵیش هۆکارن بۆ کێشەکان، بۆیە پێیانوایە پێویستە BBC بە زووترین کات لە ریال مەدرید دەربکرێت و پێکهاتەی تیپەکە بە چەند یاریزانێکی گەنج توکمە بکرێت».

# مەدریدییەکان دەیانەوێ پیکێ لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەربکەن



### پێیانوایە هەمیشە دژایەتی ریال مەدرید و دەوڵەتی ئیسپانیا دەکات..

رووداوی وەرزشی - CNBC

هەندێک لە یاریزانە ئیسپانییەکانی یانەی ریال مەدرید دەیانەوێ وا لە جولین لۆپیتیجی راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا بکەن، جیرارد پیکێی بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنا لە هەڵبژاردەی لارۆخا دەربکات، بە پاساوی ئەوەی تا سەر ئێسقان کەتالۆنییە و هەمیشە دژی ئیسپانیا و ریال مەدرید دەوەستێتەوە.

جەنگی تازەی نێوان سێرجیۆ رامۆسی کاپتنی ریال مەدرید و جیرارد پیکێ، ئەستێرەکانی ریال مەدرید و بارسێلۆنای لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا دابەش کردووەتە سەر دوو بەرە، کە جێگەی مەترسییە بۆ سەر ئەو هەڵبژاردەیە.

بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە، ئەستێرەکانی ریال مەدرید دەیانەوێ کۆبوونەوە لەگەڵ راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا، جولین لۆپیتیجی بکەن، تاوەکو لەسەر رەوشی پیکێی بەرگریکاری بارسا گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن.

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، یاریزانانی ریال مەدرید لە هەڵبژاردەی لارۆخا پێیانوایە، پیکێ لەوانەیە لە سنووری گاڵتەکردن بە ریال مەدرید رەتی دابێت، بۆیە نایانەوێ هیچ شتێک لە بارەوە بزانن، هەتا لەگەڵدا بکەن.

لەژێر هەر دروشمێک یاریشی لەگەڵدا بکەن. پیکێ، کە بێجگە لە رەخنەگرتنی بەردەوام لە ریال مەدرید و یاریزانەکانی، زۆرجار توخنی سیاسەتیش دەکەوێت و وەک کەتالۆنییەکان رەخنە لە دەوڵەتی ئیسپانیا دەگرێت، بۆیە یاریزانانی ریال مەدردی لە لارۆخا بەهیوای ئەوەن، لۆپیتیجی بڕیارێک سەبارەت بە پیکێ لە کەمپی داهاتووی هەڵبژاردەکەی وەرگرێت، هەتا ئەگەر ئاگادار کردنەوەی زارەکیش بێت.

پیکێ، بەمدواییە دووپاتیکردووەتەوە، دوای بەشداریکردنی لە مۆندیالی رووسیا 2018 لەگەڵ لارۆخا واز لە یاری نێودەوڵەتی دێنێت.

# ریال مەدرید پاشای خولەکەکانی کۆتاییە



رێژەی گۆڵەکانی ریال مەدرید لە لالیگا

| خولەک | رێژەی گۆڵەکانی ریال مەدرید لە لالیگا |
|---|---|
| 0 – 15' | 10.9% |
| 15 – 30' | 17.4% |
| 30 – 45' | 17.4% |
| 45 – 60' | 13.0% |
| 60 – 75' | 14.1% |
| 75 – 90' | 27.2% |

رێژەی گۆڵەکانی ریال مەدرید لەجامبیۆنزلیک

| خولەک | رێژەی گۆڵەکانی ریال مەدرید لەجامبیۆنزلیک |
|---|---|
| 0 – 15' | 3.6% |
| 15 – 30' | 21.4% |
| 30 – 45' | 7.1% |
| 45 – 60' | 21.4% |
| 60 – 75' | 7.1% |
| 75 – 90' | 39.3% |

بەدواداچوون: سەفین تەها

دوای ئەوەی لە یاری رابردوویدا لە خولەکەکانی کۆتایی یارییەکە بە گۆڵی مارسێلۆ سێ خاڵی زێڕینی بەدەستهێنا، ریال مەدرید ئێستا پاڵەوانی خولەکەکانی کۆتاییە لە خولی ئیسپانیدا.

ریال بەوە ناسراوە کە هەمیشە لە دواساتەکانی یاریدا دەستی خۆی دەوەشێنێت و چەند نازناوێکیشی بە گۆڵە درەنگ وەختەکان بەدەستهێناوە، بەڵام وادیارە ئەمانە بەڕێکەوت نەبوون و ئێستا ریال مەدرید بە تۆمارکردنی 21 گۆڵ لەم وەرزەی لالیگادا زۆرترین گۆڵی لە خولەکەکانی کۆتایی، واتە بە دروستی لە 10 خولەکی کۆتاییدا تۆمارکردووە.

مەدریدییەکان لە لالیگای ئەمساڵدا 98 گۆڵیان تۆمارکردووە، گرنگ نییە لە یاریگەی خۆی یاری بکات یان نا، ئەوان 48 گۆڵیان لە دەرەوەی یاریگەی خۆیان کردووەو لە یاریگەی تیپی بەرامبەریش 44 گۆڵیان کردووە، بەڵام لەو 98 گۆڵەدا بە رێژەی لە 27.2 گۆڵیان لە ماوەی چارەکی کۆتایی یارییەکاندا تۆمارکردووە کە دەکاتە 27 گۆڵ.

ریال مەدرید کەمترین رێژەی گۆڵکردنی لە سەرەتای یارییەکاندا تۆمارکردووە کە تەنیا 10 گۆڵەو بە رێژەی لە 10%

ریال دووەم زۆرترین رێژەی گۆڵکردنی هەیە لە لالیگاو لەدوای بارسێلۆناوە دێت، کە ئەوان 104 گۆڵیان کردووەو بەرێژەی 2.97 گۆڵ بۆ هەر یارییەک، بەڵام ریال مەدرید 2.71 گۆڵ بۆ هەر یارییەکی بەردەکەوێت و یارییەکیشی کەمتر ئەنجامداوە.

ئەگەر باسی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپاش بکەین لەم وەرزەدا، دەبینی رێژەکە زۆر بەرزتر دەبێتەوە، چونکە مەدریدییەکان 39%ی گۆڵەکانیان لە چارەکی کۆتاییدا کردووە.

ریال مەدرید 28 گۆڵی تۆمارکردووە، 11 گۆڵیان لە خولەکی 75 تاوەکو خولەکی 90 بەدواوە تۆمارکردووە. لە یاریگەی خۆیدا 16 گۆڵی کردووەو لە دەرەوەی یاریگەی خۆیشی 12 گۆڵی تۆمارکردووە.

«ریال لەم وەرزەی لالیگادا 21 گۆڵی لە دواین 10 خولەکی یاریدا تۆمارکردووە»



## درۆیە

بریکاری ماتیۆ کۆڤاسیچی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، کۆتایی بە هەموو ئەو دەنگۆیانە هێنا، کە باسیان لە ویستی کۆڤاسیچ بۆ جێهێشتنی ریزەکانی یانەی شاهانە دەکردو لەو بارەوە بە تۆڕی فۆتبۆڵ ئیتاڵیای گوت «درۆیە، کۆڤاسیچ بیر لە رۆیشتن لە ریزەکانی ریال مەدرید ناکاتەوە، ئەو لەگەڵ یانەکەی زۆر دڵخۆشەو دەیەوێ تێبکۆشێت بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی تیپەکەدا بکاتەوە، ئەوە هەموو شتێک، هیچی دیکە لە ئارادا نییە».





دەیانەوێ بە نیشانەی کاپتنی رازی بکەن..

# دۆنارۆما کێشە بۆ میلان دەنێتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ Sport**

یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، بۆ پارێزگاریکردن لە گۆڵپارێزە لاوەکەی جیانلویجی دۆنارۆما، لە ماوەی داهاتوودا تووشی کێشە بووە، ئەوەش بەهۆی لاساری مینۆ رایۆلای بریکاری.

دۆنارۆما، لە هزری ریال مەدریدی ئیسپانی و مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی دایە، تاوەکو لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوودا گرێبەستی لەگەڵدا بکەن. ئەو گۆڵپارێزە 18 بەهارییە بووەتە بژاردەی یەکەم لە گۆڵپارێزیی میلاندا، لەو کاتەوەی تەمەنی 16 ساڵان بوو، پێشبینی دەکرێت ببێتە جیجی بۆفۆنی تازە لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیادا، کە گرێبەستەکەی لە هاوینی 2018 کۆتایی دێت و تاوەکو ئێستا گرێبەستەکەی تازە نەکردووەتەوە.

رۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی، باس لەوە دەکات، رایۆلا شتەکەی لەسەر میلان قورس کردووە، چونکە پاکێجی یانەکە بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی تاوەکو 2022 بە مووچەی ساڵانە 3.2 ملیۆن یۆرۆ بە دڵی نییە، کە پێشتر ساڵانە تەنیا 160 هەزار یۆرۆی وەردەگرت، لەگەڵ هەندێ پاداشتی دیکە.

مینۆ رایۆلا، بۆ یەکلاییکردنەوەی شتەکان هیچ پەلەی نییە و پێیباشە تاوەکو هاوین چاوەڕێ بکات، بەر لەوەی بڕیارێک بدات، نەخاسمەش کە یونایتد بڕی 7.5 ملیۆن یۆرۆی وەک مووچە بۆ دۆنارۆما ئامادەکردووە، بۆ ئەوەی شوێنی دی خیا لە ئۆڵدترافۆرد بگرێتەوە.

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانیش باس لەوە دەکەن، بەرپرسانی یانەی میلان دەیانەوێ، بە نیشانەی کاپتنی دۆنارۆما دەستخەڕۆ بکەن، تاوەکو رازی بێت گرێبەستەکەی لەگەڵ رۆسۆنێری تازە بکاتەوە.

رۆژنامەی فوتبۆل ئیتاڵیاش ئاماژە بەوە دەکات، کارگێڕی یانەی میلان بەنیازن بڕی 3.5 ملیۆن یۆرۆ وەک مووچەی ساڵانە بدەنە دۆنارۆما، لەتەک نیشانەی کاپتنی، هەرچەندە تەمەنیشی بچووکە.



لە دڵەوە بۆ تەلەفۆن کردن..

# دی ماریا شێوازی ئاهەنگگێڕانی دەگۆڕێت

**رووداوی وەرزشی ـ Tango**

ئەنخێل دی ماریا، یاریزانی نێودەوڵەتی ئەرجەنتینی و ئەستێرەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی ئاشکرایکرد، شێوازی ئاهەنگگێڕانی لەدوای گۆڵ تۆمارکردن گۆڕیوە، ئەویش خۆدەرخستنە بەشێوەیەک وەک ئەوەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ئەنجام بدات، ئەوەش لەسەر داواکاری کچەکەی بووە.

شێوازی بەردەوامی ئاهەنگگێڕانی دی ماریا دروستکردنی شێوەی دڵ بوو بە هەردوو دەستی، وەک ئاماژەیەک بۆ هاوسەرەکەی و کچەکەی، بەڵام ئێستا لەدوای هەر گۆڵێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەلەفۆن دەکات.

دی ماریا، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی فەرمی یانەکەی، گوتی «شێوازی ئاهەنگگێڕانی تازەم لەپێناوی کچەکەمە». دی ماریا هەروەها گوتی «بەشێوەیەکی گشتی زۆر لە ماڵەوە نیم، بەهۆی راهێنانەکان و یارییەکانی یانەو هەڵبژاردە، بۆیە هەرجارێ گۆڵ تۆمار بکەم ئەوە دووبارە دەکەمەوە. بە تەلەفۆن زۆر قسە دەکەین، دەیویست ئەوە بکەم، کاتێک منداڵەکانت ئەو جۆرە شتانەت لێ داوا دەکەن، دەبێت بیکەی».

هەرچەندە پزیشکان بە دی ماریا و هاوسەرەکەیان گوتبوو، کچەکەیان هیچ دەرفەتی ژیانی نییە دوای بوونی پێشوەختەی لە ساڵی 2013 بە نەشتەرگەری، کەچی میا ژیا و ئێستا تەندروستی زۆر باشە. دی ماریا ئاستێکی باش پێشکەش دەکات و لە سەرەتای ساڵەوە تاوەکو ئێستا 11 گۆڵی تۆمارکردووە.

دی ماریا، سەرەتای وەرزی بە باشی دەستپێنەکرد، بەڵام وەک خۆی گوتی «لە 2017 ماوەیەکم لەگەڵ خێزانەکەم لە ئەرجەنتین بەسەربرد، خۆم بارگاویی کردەوەو دوای بیرکردنەوە بینیم، شتێک هەیە دەبێت بگۆڕدرێت، بەمشێوەیە دەستم بە گۆڵ تۆمارکردن و دروستکردن کرد، ئەوەش شتێکی گرنگە».

لەوەتەی دوایین گۆڵی خۆی کردووە 5 شت گۆڕاون..

# ماسکیرانۆ لە 707 یارییدا 7 گۆڵی کردووە

**رووداوی وەرزشی ـ Tango**

خافییێر ماکسیرانۆ، یاریزانی نێودەوڵەتی ئەرجەنتین و یانەی بارسێلۆنا، دوای 7 وەرز مانەوە لە کامپ نو و 319 یاری بە درێسی بلاوگرانا توانی یەکەم گۆڵ تۆمار بکات، بەمەش ژمارەیەکی نامۆی لە کاروانی وەرزشیی خۆی تۆمارکرد، کە دوای پێهەڵدان، لەمیانی رۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە گاڵتەیەکی زۆری پێکرا.

ماسکیرانۆ گۆڵی شەشەمی تیپەکەی بەرامبەر ئۆساسۆنا لە گەڕی 34ی لیگا لە لێدانێکی سزا تۆمارکرد، لەو یارییەی کە بارسا بە ئەنجامی 7 گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک یارییەکەی بردەوە، سەیر لەوە دایە، لە ساڵی 2008ەوە ئەوە یەکەم گۆڵی بوو لە دوو خول و لە دوو وڵاتی جیاوازدا، لەگەڵ لیڤەرپوول و بارسادا.

لەم راپۆرتەدا دیارترین 5 شت دەخەینەڕوو، کە زەمەنی تۆپی پێ لەگەڵ دوایین گۆڵی ماسکیرانۆ لە خول گۆڕیویەتی، لە ماوەی 9 وەرز یاریکردنی لە دوو تیپی جیاواز و خولی پریمەرلیگ و لالیگادا.

### 1 ـ تەمەنی مباپێ 9 ساڵان بووە

کیلیان مباپێ، ئەستێرەی فەرەنسی یانەی مۆناکۆ، کە ئەم وەرزە لەگەڵ تیپەکەی زۆر درەوشاوەیە، نازناوی هێنری تازەی لێنراوە، سەرنجی یانە گەورەکانی ئەوروپای راکێشاوە، ئەوکاتەی ماسکیرانۆ دوایین گۆڵی لە خولەکان تۆمارکرد، مباپێ منداڵێکی تەمەن 9 ساڵان بوو، ئێستا تەمەنی 18 ساڵانە.

### 2 ـ ریکارد راهێنەری بارسێلۆنا بوو

ئەوکاتەی ماسکیرانۆ دوایین گۆڵی لە خولەکان لە وەرزی 2008 تۆمارکرد، فرانک ریکاردی هۆڵەندی راهێنەری بارسێلۆنا بوو لە دوایین وەرزیدا، بەر لەوەی گواردیۆلا شوێنی ئەو بگرێتەوەو سەردەمی زێڕینی تیپەکە تۆمار بکات، کەچی ریکارد وازی لە راهێنەرایەتی هێناوە.

### 3 ـ یونایتد پاڵەوانی ئەوروپا بوو

مانچێستەر یونایتد دوایین نازناوی لە چامپیۆنزلیگ بەدەستهێنا، دوای بردنەوەی لە چێڵسی بە لێدانی یەکلاییکەرەوە لە مۆسکۆ، لەو ساڵەی ماسکیرانۆ دوایین گۆڵی خۆی تۆمارکرد. کەچی مان یونایتد لەو ساتەوە نەیتوانیوە جارێکی دیکە نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەستبێنێتەوە. هەروەها ئەلیکس فیرگسۆن راهێنەریشی وازی هێناوە.

### 4 ـ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا

گەورەترین تاسان لەو ماوەیەدا، دەرچوون و جیابوونەوەی بەریتانیا بوو لە یەکێتی ئەوروپا، کە لەوانەیە کاریگەری بۆسەر ئایندەی تۆپی پێشیدا هەبێت، نەخاسمە ئەوەی پەیوەستە بە گواستنەوەی یاریزانان لە وڵاتانی یۆرۆدا.

### 5 ـ وەرزی پەرجووەکان

لەو ماوەیەی ماسکیرانۆ لە ماوەی 8 ساڵدا، هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکرد، تیپی لیستەر ستی نەناسراو نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بەدەستهێنا لە وەرزی رابردوودا، کە بووە گەورەترین سوپرایز لەوەتەی پاڵەوانیەتییەکە ناوە تازەکەی لێنراوە. هەر لەو وەرزەدا هەڵبژاردەی پورتوگال توانی یەکەم نازناوی یۆرۆ بەدەستبێنێت.

### 7 گۆڵەکەی ماسکی

ماسکیرانۆی تەمەن 33 ساڵ، بە درێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی لە 707 یارییدا تەنیا 7 گۆڵی تۆمارکردووە، کە لە 559 یارییدا 4 گۆڵی بۆ یانەکان و لە 136 یارییدا 3 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بووە، 12 یارییشی لە ئۆڵیمپیاد کردووەو هیچ گۆڵی تۆمار نەکردووە. گۆڵەکانی ئەمانەن:

- لە شوباتی 2005 یەکەم گۆڵی خۆی بە درێسی ریڤەرپلێتی ئەرجەنتینی لە گۆڵی ئۆلمیدۆی ئیکوادۆری لە جامی لیپرتادۆس تۆمارکرد.
- دووەم گۆڵی خۆی لە ئاداری 2008 بوو، کە لە پریمەرلیگدا بە درێسی لیڤەرپوول لە ریدینگ تۆماریکرد.
- گۆڵی سێیەمیشی هەر بە درێسی لیڤەرپوول بوو، کە لە شوباتی 2010 لە گۆڵی یۆنیریای رۆمانی تۆماریکرد لە خولی ئەوروپا.
- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ماسکیرانۆ لە 136 یارییدا 3 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی تانگۆ تۆمارکردووە، 2 لەو گۆڵانە لە کۆپا ئەمریکای 2007 بوو لە تۆڕی هەردوو هەڵبژاردەی پاراگوای و پیرۆ، گۆڵی دیکەشی لە یارییەکی دۆستانە بوو لە تۆڕی هەڵبژاردەی ترینیدادا تۆباگۆ، لە ساڵی 2014.

ـانەوە..

ـرێسی

ـاتەوە

ـ نزیک لە یانەی
ـ رۆژی چوارشەممەی
ـخەمناک بۆ ماتیۆ»،
ـاریزانە فەرەنسییە لە

ـووە، جیریمی ماتیۆ
ـبەر ناکاتەوە، چونکە
ـدەستەی هونەرییەوە
ـچەندە هێشتا ماوەی

ـوە دەکات، لە یاری
ـێنەر پێیوایە ماتیۆ
ـەوە لەسەر یاریگەی
ـریزاناندا نەبوو، لەو
ـیگەوە.
ـ ماتیۆ بەهۆی پێکان
ـە، وەک یانەکە باسی
ـس ئێنریکییەوە سزا
ـکێشانەوە لە وانەیەکی
ـمانی دەستی هونەری

ـت، بارسا پلانی بۆ
ـۆش تەمەنی بووەتە
ـر پێشکەشی یانەکەی
ـرنەبێت لە یارییەکانی
ـە فەرەنسییە جارێکی
ـەوە.
ـ لە یانەی کەتالۆنی
ـی هەموو هاوڕێکانی
ـسەرزەنشتی ماتیۆی
ـنە هاوڕێکانی ماتیۆ

## ـەکانی هەفتە



کاتێک دەبینم یاریزانان لە ژووری جلگۆڕین سێلفی دەگرن و لە ئینستاگرام دایدەنێن، حەزدەکەم گۆپاڵێکی بێسبۆلم پێبێت و بکێشم بە دەم و ددانیان

دی رۆسی
(یاریزانی یانەی رۆما)



گۆڵی مێسی لە ریال مەدرید لە دوا خولەکدا هێندەی گۆڵی من لە ریمۆنتادای پاریس سانجێرمان گرنگ بوو

سێرجی رۆبێرتۆ
(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



عاشقی دوو یاریزانی هێڵی ناوەڕاستم، سێرجیۆ بۆسکێس لە بارسێلۆنا و تۆنی کرووس لە ریال مەدرید

یۆرگن کلۆپ
(راهێنەری یانەی لیڤەرپوول)



پێموایە گەیشتنی رۆناڵدۆ بە گۆڵی ژمارە 100 لە چامپیۆنزلیگدا وای لە مێسی کرد لە کلاسیکۆدا تۆڵەی لێبکاتەوە

تێری هێنری
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا)



داوا لە هازاردی هاوڕێم دەکەم وەک مێسی لە گۆڵ تۆمارکردن خۆویست بێت بۆ ئەوەی زۆرتر گۆڵ تۆمار بکات

سیسک فابریگاس
(یاریزانی یانەی چێڵسی)



مێسی خۆویست نییە، یاریزانی خۆویستم خۆشناوێت، با پاڵەوانیەتییەک بدۆڕێنم نەک یاریزانەکانم لەنێو یاریگەدا بە خۆویستی ببینم

ئەنتۆنیۆ کۆنتی
(راهێنەری یانەی چێڵسی)

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 36)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/5/5** | |
| سڤیلیا - ریال سۆسیداد | 10:00 |
| **شەممە 2017/5/6** | |
| خیخۆن - لاس پالماس | 02:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ئیبار | 05:15 |
| بارسیلۆنا - ڤیاریال | 07:30 |
| گرانادا - ریال مەدرید | 09:45 |
| **یەکشەممە 2017/5/7** | |
| ئالاڤێس - ئەتلەتیک بلباو | 01:00 |
| ڤالنسیا - ئۆساسۆنا | 05:15 |
| دیپۆرتیڤۆ - ئیسپانیۆل | 07:30 |
| مەلەگە - سێلتاڤیگۆ | 09:45 |
| **دووشەممە 2017/5/8** | |
| لیگانێس - ریال بیتیس | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 81 |
| 2 - ریال مەدرید | 81 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 71 |
| 4 - سڤیلیا | 68 |
| 5 - ڤیارڕیال | 63 |
| 6 - ریال سۆسیداد | 61 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 59 |
| 8 - ئیبار | 54 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 50 |
| 10 - ئالاڤێس | 48 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 33 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 25 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 20 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 17 |
| 5 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 16 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (مەلەگە - سڤیلیا) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 36)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/5/5** | |
| وێستهام - تۆتێنهام | 10:00 |
| **شەممە 2017/5/6** | |
| مانچێستەر ستی - کریستال پالاس | 02:30 |
| بۆرنمۆس - ستۆک ستی | 05:00 |
| بێرنلی - وێست برۆمیچ | 05:00 |
| هاڵ ستی - ساندێرلاند | 05:00 |
| لیستەر ستی - واتفۆرد | 05:00 |
| سوانزی ستی - ئیڤێرتۆن | 07:30 |
| **یەکشەممە 2017/5/7** | |
| لیڤەرپوول - ساوسهامتۆن | 03:30 |
| ئارسیناڵ - مانچێستەر یونایتد | 06:00 |
| **دووشەممە 2017/5/8** | |
| چێڵسی - میدلزبرە | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 81 |
| 2 - تۆتێنهام | 77 |
| 3 - لیڤەرپوول | 66 |
| 4 - مانچێستەر ستی | 66 |
| 5 - مانچێستەر یونایتد | 65 |
| 6 - ئارسیناڵ | 60 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 58 |
| 8 - وێست برۆمیچ | 44 |
| 9 - ساوسهامتۆن | 41 |
| 10 - بۆرنمۆس | 41 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 24 |
| 2 - کەین | تۆتێنهام | 21 |
| 3 - کۆستا | چێڵسی | 19 |
| 4 - سانچێز | ئارسیناڵ | 19 |
| 5 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 18 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (واتفۆرد - لیڤەرپوول) دانراوە

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 35)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/5/6** | |
| ناپۆلی - کالیاری | 07:00 |
| یوڤانتۆس - تۆرینۆ | 09:45 |
| **یەکشەممە 2017/5/7** | |
| ئۆدینێزی - ئەتەلانتا | 01:30 |
| ڤیرۆنا - پالێرمۆ | 04:00 |
| ئیمپۆلی - بۆلۆنیا | 04:00 |
| جینەوا - ئینتەرمیلان | 04:00 |
| لازیۆ - سامپدۆریا | 04:00 |
| پیسکارا - کرۆتۆنی | 04:00 |
| ساسۆلۆ - فیۆرەنتینا | 04:00 |
| میلان - رۆما | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 84 |
| 2 - رۆما | 75 |
| 3 - ناپۆلی | 74 |
| 4 - لازیۆ | 67 |
| 5 - ئەتەلانتا | 64 |
| 6 - میلان | 59 |
| 7 - ئینتەرمیلان | 56 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 55 |
| 9 - تۆرینۆ | 49 |
| 10 - سامپادۆریا | 46 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | رۆما | 25 |
| 2 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 25 |
| 3 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 24 |
| 4 - هیگواین | یوڤانتۆس | 23 |
| 5 - مێرتێنس | ناپۆلی | 22 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 36)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/5/5** | |
| سانت ئیتیان - بۆردۆ | 09:45 |
| **شەممە 2017/5/6** | |
| پاریس سانجێرمان - باستیا | 06:00 |
| گانگۆن - دیجۆن | 09:00 |
| لیل - میتز | 09:00 |
| تۆلۆز - کان | 09:00 |
| لۆریان - ئەنجی | 09:00 |
| نانس - مۆناکۆ | 09:00 |
| **یەکشەممە 2017/5/7** | |
| رین - مۆنپیلیە | 04:00 |
| لیۆن - نانت | 06:00 |
| مارسیلیا - نیس | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مۆناکۆ | 83 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 80 |
| 3 - نیس | 77 |
| 4 - لیۆن | 58 |
| 5 - بۆردۆ | 56 |
| 6 - مارسیلیا | 55 |
| 7 - سانت ئیتیان | 49 |
| 8 - نانت | 48 |
| 9 - رین | 44 |
| 10 - گانگۆن | 44 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 31 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 24 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 19 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 17 |
| 5 - فلۆران | مارسیلیا | 16 |

# ریمۆنتادا چییە؟

ئا: سەباح مەجید

(ریمۆنتادا REMONTADA) وشەیەکی ئیسپانییە، چەند مانایەک دەبەخشێت، لەسەرووی هەموویانەوە بەمانای (گەڕانەوە) دێت، هەروەها ریمۆنتادا لە زمانی ئیسپانیدا بە واتای (چاکبوونەوە)ش دێت، جگە لەمانەش بەمانای (هێز بۆ گەڕانەوە) دێت، بەواتای کەسێک یان شتێک دووبارە هێزی بۆ بگەڕێتەوە.

ئەم وشەیە جاران لە ئیسپانیا لە سەدەکانی (16 تاوەکو 19) لە شەڕە ناوخۆییەکان و شۆڕشەکانی هەردوو هەرێمی (باسک) و (کەتالۆنیا) لەپێناو سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەسەڵاتی شای ئیسپانیا، بەکاردەهات. دواتر نووسەرانی وەک (پاپلۆ نیرۆدا، پێدرۆ ئەلکۆرێن و گابرێل مێر) وشەی ریمۆنتادایان لە بواری ئەدەبیدا بەکارهێنا لە وەسفکردنی (داستانی پاڵەوانێتی)دا. ئەمەش کاتێک کە لایەنێک بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە شەڕدا بەسەر لایەنێکی دیکەدا سەردەکەوت.

وشەی ریمۆنتادا لە هەشتاکان و نەوەدەکان لەبواری تۆپی پێدا بەکاردەهێنرا، دواتر بەهۆی کەم بەکارهێنانەوەخەریکبووهێدی‌هێدی لەبیردەچووەوە، بەڵام رۆژنامەی سپۆرتی کاتالۆنی لە ساڵی 2013دا دوای دۆڕاندنی یانەی بارسێلۆنا لە یاری چوونی قۆناخی 16 بەرامبەر بە یانەی میلانی ئیتاڵی دووبارە ئەم وشەیەی هێنایەوە ناو فەرهەنگی وەرزشی، ئەمەش لەپێناو بەرزکردنەوەی ورەی یاریزانانی بارسێلۆنا. کە دواتریش کاریگەری خۆی هەبوو، چونکە لە یاری گەڕانەوەدا بارسا لە یاریگەی خۆیدا توانی بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر یارییەکە لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێبهێنێت، لەو یارییەشدا لیۆنێل مێسی 2 گۆڵی تۆمارکرد و هەریەک لە داڤید ڤیا و جۆردی ئەلباش 2 گۆڵەکەی دیکەیان تۆمارکرد.

بەڵام وشەی ریمۆنتادا ئەمساڵ دوای بردنەوە مێژووییەکەی بارسێلۆنا لە پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بە ئەنجامی 6 - 1 گۆڵ، بوو بە وێردی سەرزاران و بەخێرایی بەتەواوی جیهاندا بڵاوبووەوە.




## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 32)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/5/5** | |
| کۆڵن - ڤێردەربریمەن | 09:30 |
| **شەممە 2017/5/6** | |
| بایرن میونشن - دارمشتات | 04:30 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - هۆفنهایم | 04:30 |
| مونشنگلادباخ - ئۆگسبۆرگ | 04:30 |
| فرانکفۆرت - فۆلفسبۆرگ | 04:30 |
| ئینگۆلشتات - بایرلیڤەرکۆزن | 04:30 |
| هێرتا بەرلین - لایپزیگ | 07:30 |
| **یەکشەممە 2017/5/7** | |
| هامبۆرگ - ماینز | 04:30 |
| فرایبۆرگ - شاڵکە | 06:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 73 |
| 2 - لایپزیگ | 63 |
| 3 - هۆفنهایم | 58 |
| 4 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 57 |
| 5 - هێرتا بەرلین | 46 |
| 6 - ڤێردەربریمەن | 45 |
| 7 - فرایبۆرگ | 44 |
| 8 - کۆڵن | 42 |
| 9 - مونشنگلادباخ | 42 |
| 10 - شاڵکە | 41 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 28 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 27 |
| 3 - مۆدیست | کۆڵن | 23 |
| 4 - وێرنێر | لایپزیگ | 17 |
| 5 - گۆمێز | فۆلفسبۆرگ | 14 |

| کێبڕکێ | یاری | کات | رۆژ |
|---|---|---|---|
| چامپیۆنزلیگ | ریال مەدرید - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 09:45 | سێشەممە 2/5/2017 |
| خولی ئیسپانیا | بارسێلۆنا - ڤیارڕیال | 07:30 | شەممە 6/5/2017 |
| چامپیۆنزلیگ | مۆناکۆ - یوڤانتۆس | 09:45 | چوارشەممە 3/5/2017 |
| خولی ئینگلتەرا | ئارسیناڵ - مانچێستەر یونایتد | 06:00 | یەکشەممە 7/5/2017 |
| یۆرۆپالیگ | ئەجاکس - لیۆن | 09:45 | چوارشەممە 3/5/2017 |
| خولی ئیتاڵیا | میلان - رۆما | 09:45 | یەکشەممە 7/5/2017 |
| یۆرۆپالیگ | سێلتاڤیگۆمەدرید - مانچێستەر یونایتد | 10:05 | پێنجشەممە 4/5/2017 |
| خولی فەرەنسا | مارسیلیا - نیس | 10:00 | یەکشەممە 7/5/2017 |

ژمارە ( 447 )
سێشەممە 2017/5/2



## 100 - 101

پیرەژنێکی هیندی لە تەمەنی 101 ساڵیدا مەدالیای زێڕی پێشبڕکێی 100 مەتر راکردنی بردەوە، لە خولی گۆڕەپان و مەیدانی جیهانی لە نیوزیلەندا. ئەو راکەرە بە تەمەنە، کە ناوی مان کاوەرە، ماوەی 100 مەترەکەی بە خولەکێک و 14 چرکە بڕی. ئەوە مەدالیای ژمارە 17 بوو کە ئەو راکەرە لە ژیانی خۆیدا بەدەستیبهێنێت. کاوەر لەو بارەوە گوتی «تاوەکو بە زیندوویی بمێنمەوە رادەکەم، من زۆر دڵخۆشم کە پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە».

### هاندەرێکی سەرسەختی ریال مەدریدە..

# کچێک نەیهێشتووە ئیسکۆ بچێتە بارسا

**رووداوی وەرزشی ـ The Sun**

رۆژنامەیەکی بەریتانی، ئاشکرایدەکات کچێک نەیهێشتووە ئیسکۆی یاریزانی ئیسپانی ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی جێبهێڵێت، ئەگەرنا یاریزانی ناوبراو بڕیاری دابوو لە یانەی شاهانە بڕوات و دوور نەبوو بچێتە ریزەکانی یانەی بارسێلۆنای رکابەری تەقلیدی ریال مەدرید.

دەنگۆیەکی بەهێز لەبارەی بوونی پەیوەندییەکی سۆزداری لەنێوان ئیسکۆ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ریال مەدرید و کچە ئەکتەری شۆخ و شەنگ کارمن موگا بڵاوبووەتەوە.

رۆژنامەی The Sunی بەریتانی لە راپۆرتێکیدا باس لەوە دەکات، تازەکردنەوەی گرێبەستی ئیسکۆ لەگەڵ ریال مەدرید تاوەکو وەرزی 2022، دەنگۆیەکی بەهێزی لەبارەی بوونی پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ کارمن موگا ناوەتەوە، کە لە رۆژانی رابردوودا لەگەڵ یانە گەورەکانی ئەوروپا لە دانوستاندا بوو، بە یانەی بارسێلۆناشەوە، لەبەرئەوەی



لەژێر سەرپەرشتی زەینەدین زیدانی راهێنەری فەرەنسی ریال مەدرید سەقامگیر نەبوو.

ئەمەو راپۆرتەکانی رۆژنامەڤانی لە ئیسپانیا، ئاماژەیان بە نزیکبوونەوەی رۆیشتنی ئیسکۆ لە ریزەکانی ریال مەدرید لە هاوینی داهاتوودا دەکرد، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی رێکوپێک بەشداری یارییەکانی نەدەکرد، بۆیە تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی بۆ هەوادارانی شتێکی لەناکاو بوو، قسەو باسێکی زۆریشی نایەوە، گوایە کارمن کە هەوادارێکی سەرسەختی ریال مەدریدە نەیهێشتووە ئیسکۆ لە ریال مەدرید بڕوات و بچێتە ریزەکانی بارسێلۆنا.



### هێندە قرچۆک و چاوچنۆکە..

# جاردیم تەنیا 5 یۆرۆ دەخاتە گیرفانی

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

لیوناردۆ جاردیم، راهێنەری پورتوگالی یانەی مۆناکۆی فەرەنسی، ئێستا یەکێکە لە باشترین راهێنەران لە کیشوەری ئەوروپا و هەموو جیهاندا، ئەوەش بۆ رۆڵی کاریگەری بەسەر ئاست و ئەنجامەکانی مۆناکۆ دەگەڕێتەوە، هەرچەندە زۆربەی یاریزانەکانیشی لاون، بەڵام ئەوە نەبووەتە رێگر لەبەردەم ئەوەی کە ئەو راهێنەرە لاوە هەندێ رەفتاری نەرێنی لە دەرەوەی یاریگەکانەوە هەبێت.

کیسلۆ ئەلمیێدا، سەرۆکی یانەی کاماشا، کە یەکەم یانە بوو جاردیم بووە راهێنەری، لەو بارەوە دووپاتی کردەوە «جاردیم کەسێکی قرچۆک و کەمێک چاوچنۆکە، ئەو چەندین فرتوفێڵ دەکات بۆ ئەوەی پارە لە هاوڕێکانی خەرج نەکات».

ئەو سەرۆک یانەیە لە لێدوانێکدا بۆ بەرنامەی کەناڵ فوتبۆل، کە کەناڵی (کەناڵ پلاس)ی فەرەنسی پەخشی دەکات، زیاتر باسی چاوچنۆکی ئەو راهێنەرەی کرد و گوتی «ئەو دەمەی جاردیم لێرە لە پورتوگال راهێنەر بوو، تەنیا 5 یۆرۆی دەخستە گیرفانی، بۆ ئەوەی نرخی قاوە یان ژەمێک نەدات، وابزانم لە مۆناکۆ شتەکان گۆڕاون و ئێستا 20 یۆرۆ دەخاتە گیرفانی، بەڵام ئەستەمە جاردیم پارەی تایبەتی خۆی خەرج بکات».

پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

هیوا ئەلیاس لە هەولێر

بە لێدوانی:

**(پێکەنینی ئەم دووانە، وێرانکاری هەمووانە)**

ژمارە ( 447 )
سێشەممە 2017/5/2

## LOTTO 1 پەنجاو حەوتەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

www.rudaw.net

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەمووان گەنجتر دەکاتەوە